# ئاڵەکۆک

ویژه نامه ـ ماهنامه مهاباد
١٣٨٥ی هەتاوی(١٤)



# ئاڵەکۆک



سەحرا ڕەوان سەحەر


خاوەن ئیمتیاز و مودیر مەسئوول: ئەحمەد بەحری

دەستەی نووسەران: فەرەیدوون حەکیم زادە

بەدرەددین ساڵح

تەڕاحی ڕوو بەرگ: شیوەن حەسەن پوور

تایپ و ڕازاندنەوە:

سروە بەحری

بەشی ماڵی: لوقمان ڕەهرەو



تلفکس: ٠٠٩٨_٤٤٢_٢٢٢١٤٣٥

مۆبایل: ٠٩١٤٤٤٢١٢٠٨

E. mail: alakoki_ mag @ yahoo.com

مهاباد ـ مجله ئاڵەکۆک صندوق پستی ۴۵۷

شماره حساب: بانک رفاه شعبه صلاح الدین جاری ۱۶۹۰۶۴

## وتەی ئاڵەکۆک

منداڵەکان، ئەی ئەوانەی هیوای دوا ڕۆژی میللەت و گەلی ئێمەن. ئەوا لە حاڵێکدا چواردەهەمین ژمارەی ئاڵەکۆک دەگاتە دەستتان، کە کەموکوڕی گۆڤاری ئاڵەکۆک زۆر زەق و بەرچاوە. بەڵام دڵمان نایە خۆتان لێ بێکەس بکەین و دەرگای تەنیا گۆڤاری منداڵانەی کوردی ئێران داخەین. بۆیە لە هەموو ئازیزانی کەم تەمەن دەگێڕینەوە بە هانامانەوە بێن و گەورەکان هان دەن تا ئاڵەکۆک ڕاوەستاو بێ.

تکا لەو نووسەرانە دەکەین کە بەرهەممان بۆ دەنێرن ژمارە تەلەیفۆن و ئادرێسی خۆیان بنێرن تا بتوانین پەیوەندیان لە تەکدا بکەین. ئاڵەکۆک ملکی هەر تێکۆشەرێکی کوردە، تا لە بواری ئەدەبی منداڵان چالاکی هەبێ.

ئاڵەکۆک، ئاڵەکۆک

گۆڤاری شێعر و چیرۆک



ڕەنگی بکە

هەواڵنامەی کتێب





# قاپووڕە

عەبدوڕڕەحمان فەهیمی ـ سەقز



دوو کیسەڵ بێچوویەکیان هەبوو نێوی قاپووڕە بوو. قاپووڕە زۆر دەست بزێوی دەکرد. ئەگەر لەگەڵ دایک و بابی دەچوونە میوانی، هات و هاواری دەکرد و شتومەکی تێکوپێک دەدا. دایک و بابی قاپووڕە بە دەستیەوە وە زاڵە هاتبوون.

بەهەڵکەوت ڕۆژێک ماڵی قاپووڕە میوانیان هات. بێچووەکەی ئەوانیش زۆر هاروهاج بوو و شتومەکی ماڵەکەی پێکدادەدا و دەیشکاندن. قاپووڕە کارەکانی ئەو هاوتەمەنەی خۆی زۆر پێ ناحەز بوو.

ئەمجار بۆی دەرکەوت کە هاروهاجی کردن کارێکی ناحەزە. لەوە بەدوا بڕیاری دا، منالێکی چاک و ئاقڵ بێت و هاروهاجی و دەست بزێوی نەکا.

# یارمەتی بدە









هەواڵنامەی کتێب

# سێ بەچکە شێر


محەممەد ڕەسووڵنیا (بۆکان)

لـە نێو بـێشـە و دارسـتـان
سێ بەچکە شێری زۆر جـوان
کە باوکیان چووبـووە دەرێ
لـەویـان نەبوو خـەبـەرێ
چاوەڕوان بوون، لـە پـەشـا
یـەکیـان بە نـاوی "کـاشـا"[1]
وتـی بە خـوشـک و بـرا
"لـەمـاڵ دانـیشتن ئـەڕرا؟[2]
خۆ ئێمە بێچـووە شـێـریـن
نـەتـرس، ئـازار و دلـێرین
بـا بچیـنـە دەر لـە مـاڵێ
بەڵکوو دەس خـەین هەواڵێ"
هـەر لـە ماڵ چوونـە دەرێ
تووشیان بوو ڕێـوییە لـەڕێ
نـەڕاندی: "بێـچووە شێـران
نـەما بـاوی نـەوێـران
ڕێـوی شـێـری بـێ بـاکـە
شـێـر دۆڕاو و هـێـلاکـە
منـم سـولـتـانـی جـەنگـەڵ
ناتـرسـم لـە شێـری کـەڵ"[3]
.....ماوەیەک ڕێوی شـا بـوو
شـــایێـکـی بـەڕەڵڵا بـوو
زۆری نەخـایـانـد بـە شـەق
شـێـر جێگـەیـان پێکرد لەق
ئەمجـار هـەستا بەچکەشێـر
ڕووی کردە ڕێویی بـێخێـر
وتـی: "ڕێـویـی فـێـڵاوی
بـەپێت تـەنـگـە پـێـڵاوی،
گـەورەیـی بـۆ تـۆ نـابـێ
گـەورە دەبـێ ئـازابـێ

١ـ کاشا: کاکە پاشا
٢ـ ئەڕرا: بۆچی، لەبەر چی
٣ـ شێری‌کەڵ: شێری نێر



بیانژمێرە و لە پێش خۆیدا بینووسە پاشان ڕەنگیان بکە.





هەواڵنامەی کتێب



## مەتەڵۆکە

ئومید قادری ئەقدەم ـ مەهاباد

١ـ تا تۆ نەڕۆی ئەو ناڕوات.

٢ـ جامی تەنگ، ئاوی دوو ڕەنگ.


٣ـ ئاردی بێژراو، هێڵەگی نەدیتووە.

۴ـ تاقێکە سی و دوو بەردی تێدایە.

۵ـ تیژە وەک شیری، ڕەشە وەک قیلی.

۶ـ ئەوە چیە، هەرچی بڵێین پێی‌دا دەڕوا.

وڵامەکان لە لاپەڕەی ٧ دا بدۆزەوە.



شێعر

سەید عەبدولقادر سەمەدی

گیـانی گیـانـی
بەڵـێ، بـاوکـە
سەهۆڵ ئەخۆی!
نــا، بـاوکـە
درۆ ئـەکـەی؟
نــا، بـاوکـە
زارت بـکـەوە
ها ها ها.....

Johnny Johnny
Yes, pa pa
Eating ice!
No, pa pa
Telling lies?
No, pa pa
Open your mouth
Ha ha ha...





هەوالنامەی کتێب

# مناڵی یادی بەخێر



محەممەد ماملێ
(هونەرمەند)
لە تەمەنی ٢ساڵی



سەید یاسین قورەیشی
(کاریکاتۆریست و تەنزنووس)
لە تەمەنی١٠ساڵی



سەید محەممەد ئەمین قورەیشی
(کاریکاتۆریست)
لە تەمەنی ١٢ ساڵی

بانگەواز:
تکا لە نووسەر و شاعیر و هونەرمەندان دەکەین، بۆ دەوڵەمەند بوونی بەشی (یادی بەخێر) یارمەتیمان بدەن. تا ئەو بەشە ببێتە ئارشیوێک لە وێنەی هونەرمەندان، تا مناڵی کورد بە داهاتووی خۆی هیوادار بێ. و ڕێگای ئەو ئازیزانە پەیڕەو بکا.
ئاڵەکۆک

ئامادە کردنی: فەرەیدوون حەکیم زادە



هەواڵنامەی کتێب



# ئاسک

جەعفەر هەمزە قورمیش


ڕۆژێک ئاسکێک توونی بوو چووەسەر چەم ئاو بخواتەوە. کاتی ئاو خواردنەوە، وێنەی خۆی لە نێو ئاوەکەدا بینی. تەماشای کرد شاخەکانی زۆر گەورە و بەهێزن و لاقەکانی کز و بێهێز. لەبەر خۆیەوە بیری کردەوە و وتی: بریا لاقەکانیشم وەکوو شاخەکانم جوان و بەهێز بوایەن؛ چەندەم پێ خۆش دەبوو.



لەو خەیاڵانەدا بوو، سەری هەڵێنا دیتی شێرێک خۆی لێ مات داوە. کە چاوی بە شێر کەوت، ڕای کرد و بە توندی دەرپەڕی زۆر و کەم هەڵات تا گەیشتە چیمەن و دارستانێک. خۆی کرد بە ناو دارستانەکەدا، بەڵام بەداخەوە ئەو شاخانەی کە ئەو پێی دەنازی، بوو بە تەپکە و تەڵە و لە پەلی دارەکان گیران. هەر چەند حەوڵی دا شاخی دەرێنی کەڵکی نەبوو و گیری خوارد.

لەو کاتەدا بوو بیری کردەوە و گوتی: ئەی خودای گەورە کارەکانت چەند جوانن. هەر ئەندامێک وە هەر شتێک لەجێی خۆیدا بایەخی هەیە و کەس نابێ ناشوکری بە بەشی خۆی بکا.


من لە هەڵەدا بووم پێم وا بوو شاخی گەورە نەجاتم دەدا و بە گەورەیی شاخەکانم دەنازیم، لە لاقەکانم ڕەخنەم دەگرت کەچی هەر ئەو لاقانە یارمەتیان دام هەتا ئێرە پێیان هەڵاتم و شاخەکانیشم دە گیریان هاویشتم لەو بیر و خەیاڵانەدا بوو شێر هەڵی کوتا سەری. کەوایە دەبێ قەدری هەموو ئەندامەکانمان بزانین و شوکرانەبژێری پەروەردگار بین.




هەر پیتێک بگەیەنە بە خانەکەی خۆی، ناوی منت بۆ دەردەچێ.



کتێبی هەوالنامەی




١ـ بای فێنک.

٢ـ بەهاران زۆر دەباریٚ.

٣ـ ژمارەی ئاڵەکۆکی تازە.


٤ـ چیرۆکی ئەم جارەی ئاڵەکۆک. کچۆڵەی............

وڵامی مەتەڵۆکەکانی لاپەڕە ٤

١ـ سێبەر ٢ـ هێلکە ٣ـ بەفر ٤ـ زار

٥ـ بزرانگ ٦ـ گوێ

مەیسەم گیان نامە جوان و رازاوەکەتمان بە دەست گەیشت سەربەرز بی.
ئاڵەکۆک دۆستی تۆ و دۆستی هەموو منالانی کوردستانە.






هەواڵنامەی کتێب



# کچۆڵەی شەمچە فرۆش (١)

نووسەر: هانس کریستیەن ئەندرسن
وەرگێڕ: کەریم ئیسماعیلنژاد ـ سەقز

ئەوەڵ شەوی ساڵی نوێ بوو. هەوا سارد بوو. کرێوەی دەکرد کچۆڵەی شەمچە فرۆش، لە شەقامە سارد و پڕ لە بەفرەکانی شاردا دەگەڕا و بە دەنگی بەرز دەیگوت: "شەمچە...شەمچەم هەیە، تکا دەکەم بکڕن!"

بەڵام هیچ کەس سەرنجی نەدەدایە و کاریان پێی نەبوو خەڵک هەموو بە پەلە و پڕتاو بەتەنیشت ئەودا تێدەپەڕین و دەڕۆیشتن. ژنێک لە دوورەوە هات. کچۆڵەکە بەرەوپیری چوو ولێی پاڕاوە: "خانم، تکا دەکەم شەمچەم لێ بکڕە!" پێویستم نیە کچەکە گیان. لە ماڵێ شەمچەم زۆرە.

کرێوەیەکی دەکرد بە حاڵ چاو دەیدی، کچۆلەکە لە سەرما دەلەرزی و لەبەر خۆیەوە قسەی دەکرد: "ئاخ چەندە ساردە! دەبێ بگەڕێمەوە ماڵێ. بەڵام نا... تا شەمچەکان نەفرۆشم ناتوانم بگەڕێمەوە، چونکە باوکم دیسان دارکاریم دەکا، کچۆڵەکە ڕاوێستا. دەستە تەزیوەکانی خۆی بۆ لای دەمی برد و "هوو"ی لێکرد؛ دووایی سەرلەنوێ کەوتە ڕێ.

شەمچە...شەمچە ئەفرۆشم، تکا دەکەم بکڕن!

بەڵام هیچ کەس شوێنی نەکەوت. هیچ کەس شەمچەیەکی لێ نەکڕی.

کچۆڵەکە برسی بوو لە بەیانییەوە هیچی نەخۆارد بوو. دڵی لە برسان ئاوی لێ دەهات لە ماڵێکەوە بۆنی چێشتێکی خۆش دەهات.

- وەی...لەو بۆنە خۆشە! چەندەم برسییە! دەبێ زووتر شەمچەکەم بفرۆشم و بگەڕێمەوە ماڵێ ئەگەر پەلە نەکەم، خەڵک هەموو بۆ ماڵەوە دەڕۆنەوە.

بێوچان دەڕۆیی و بە دەنگی بەرز هاواری دەکرد "ئای" شەمچەم هەیە، شەمچە..." کچۆڵەکە دەیویست بە ناوەڕاستی شەقامەکەدا تێپەڕێ، کوتوپڕ دەنگێکی بیست: "تەق تەق، تەپ، تەپ" ئەمە دەنگی پێی ئەسپێکی گاری ڕاکێش بوو بە پەلە بەرەو ڕووی ئەو دەهات کچۆڵەکە پەشۆکا. بەو حاڵەش زوو خۆی لەسەر ڕێگای ئەسپ و گارییەکە لادا، بەڵام کەوشە تەق تەقیلەکانی لە لاقی دەرهات و کەوتە ناو بەفر.

"وەی... تەق ئەقیلەکانم! یادگاری دایکی خۆشەویستم! ئێستا چی بکەم! کەوتنە کوێ؟ چۆن وەیان دۆزم؟..."

کچۆڵەکە بە دەستە تەزیوەکانی خۆی بەفرەکانی لادەدا و بە شوێن تەق تەقیلەکانی خۆی‌دا دەگڕا. کوت و پڕ چاوی بە ئەوبەری شەقام کەوت. تایەک لە کەوشەکەی، لەوێ کەوتبووە ناو بەفرەکان کچۆڵەکە بە شادییەوە هاواری کرد "لەوێ‌یە!" و بۆ ئەوبەری شەقامەکە هەڵات بەڵام کاتێ ویستی کەوشەکە هەلگرێتەوە، منداڵێکی بەدفەڕ لەولاوە هات، کەوشەکەی لە دەست ڕفاند و بە وریایەکی تایبەت گوتی: "بەهـ ، بەها! چ شتێکی باشم دۆزیەوە! کاتێک گەورە بووم، ئەوە دەکەم بە بێشکەی منداڵەکەم". لەدوا ئەم قسە هەڵات کچۆڵەکە بە قاچی ڕووت، لە شەقامە سارد و پڕ لە بەفرەکە دەگەڕا و بەفر توند دەباری. قژەکانی کچۆڵەکە لە بەفرا سپی ببوو. ئیتر کەسێک لە شەقامەکان نەما بوونەوە. خەڵک هەموو گەڕابوونەوە ماڵی خۆیان لە پەنجێرەی ماڵە خوا






هەولنامەی کتێب

پێداوەکانەوە تریفە و ڕووناکی دەهاتە دەر. دەنگی پێکەنینی منداڵانی کە بە شـادیەوە چـاوەڕوانی خواردن و دەستاوی دایکیان بوون دەبیسترا. کچۆڵەی شەمچەفرۆش هەناسەیکی هەڵکێشا و گـوتی: "خۆزگەم بە خۆیان! منیش دەستاوی دایکم زۆر پێ خۆش بوو. کاتـێک ئـەو زینـدوو بـوو، چـەندە بەختەوەر بووم!" قاچەکانی لە سەرما سڕ ببوو دڵی پـێوە بـوو بگەڕێـتەوە مـاڵێ، بـەڵام هێـشتا تەنانەت یەک شەمچەی نەفرۆشتبوو.

ئیتر نەیدەتوانی هەنگاوێک هەڵێنێ. لە ژێـر تـاقی هـەیوانی ماڵـێک دا دانیـشت ویـستی بـە هەناسەی خۆی دەست و قاچەکانی گەرم کاتەوە. بەڵام بێفایدە بوو! گەرم نەدەبوونەوە!

کچۆڵەکە لەبەر خۆیەوە گوتی: " سەرمامە! وا چاکە چڵە شەمچەیەک گڕ دەم، لەوانەیە کەمـێک گەرم ببمەوە. کاتێ چڵە شەمچەکە هـەڵ بـوو و لـە نـێوان گـڕی شەمـچەکەدا، کوورەیـەکی گـەرم دەرکەوت. کچۆڵەکە بە شادییەوە گوتی: "چاکتر!... ئێستا دەتوانم بەم کووره خۆم گـەرم کەمـەوە". بەڵام هەر کە ویستی لە کوورەکە نزیک بێتەوە و خۆی گەرم کاتەوە، شەمچەکە کـوژاوە. کـچۆڵەکە چڵە شەمچەیەکی تری هەڵگرت و خشاندی بە دیوار دا و شەمچە داگیرسا ئەمجار کچۆڵەکە لـە نـێو گڕی شەمچەکەدا، مەنجەڵێکی پڕ لە چێـشتی دی. وەی...چ چێشتـێک! لـە مەنجەڵـە چێـشتەکەدا، هەڵوژە سێو، قازێکی سوورکراوەی تێدا بوو، لە چێشتەکە هەڵمێکی بۆن خۆش هەڵدەستا. کچۆڵەکە بە شادی و سەرسوڕمانەوە تەماشای مەنجەڵە چێشتەکەی دەکرد لە پڕێکا لەبەر چاوی ئـەوا قـازە سوور کراوەکە بە کارد و چنگاڵێکا کە لە پشتی هەڵچەقیبوو هەڵفڕی. کـچۆڵەکە زوو دەسـتی بـرد قازەکە بگرێ، بەڵام... گڕی شەمچەکە تەواو بوو و چێشتە خەیاڵییەکان لەبەر چاو ون بوون.

هیچ شوێنەوارێ لە چێشتەکان نەبوو! لە پێش چاوەکانی کچۆڵەکەدا تەنیا دیوارێـکی سـارد و سڕ و بەرز دەبیندرا. ئەو سێهەمین چڵەشەمچەشی داگیرساند. ئاگر گـڕی کێـشا و داری کریـسمەس لەگـەڵ چـەن شـەمی هـەڵکراو، دەرکـەوت. چـاوەکانی کـچۆڵەکە لـە خۆشـیا بریقـەی هات..............درێژەی هەیە.



ژمارەکان بگەیەنەوە یەک لە پاشیان ڕەنگی بکە





# باوکم بۆی گێڕامەوە....

ئیسماعیل قادرزادە ١٠ ساڵە ـ سەردەشت



**ئیمتیحانی ئاخری ساڵ بوو**

ئێوارەیەک کتێبەکەم هەڵگرت و ڕۆیشتم بەرەو سەرقەبرانی شار کە داربەڕووی زۆر لێبوو هەوایەکی فێنک و سێبەرێکی خۆشی هەبوو. لەبن دارێک دانیشتم، ماوەی نیو سەعاتێک خەریکی خوێندنەوەی دەرسەکانم بووم. کاتی پشوودان سەرم هەڵێنا چاوم بە ڕووداوێکی سەیر کەوت سەرنجمدا دیتم ڕێویەک بە دارێک هەڵگەڕاوە و چۆتە زگ هێلانەی هەڵۆیەک.

لە ناو هێلانەدا تەنیا دوو زەرنەقووتەی[1] هەڵۆی تێدا بوون کە هێشتا باڵەفڕە نەبوون. ڕێوی دەیویست بیانگرێت و بیانخوات. هەموو جارێ کە ڕێوی دەم یا دەستی بۆ لا دەبردن، دەندوکیان لێدەگرت ڕێوی زۆری هەوڵدا بەڵام بێسوود بوو ئاخری ناچار بە دەم و چاوی خوێناویەوە هاتە خوار و ملی ڕێی گرت[2].

سەرم سووڕ مابوو لە ئیرادەی ئەو زەرنەقووتە زەعیفانە، کتێبم لە بن هەنگڵ نا و چوومە بن دارەکە، چاوم بڕیە زەرنەقووتەکان و لە دڵی خۆمدا لێم پرسین: چۆن توانیتان دەرەقەتی بێن؟ بەو جەستە چکۆڵانەوە چۆنتان توانی بەربەرەکانێی ڕێوی بکەن؟ دەزانم ئەگەر توانیبایان قسە بکەن دەیان وت: هەر کەسێ، هەر گیاندارێ دیفاع لە هێلانە و ماڵی خۆی نەکا بێ هیممەتە.

**فەرهەنگۆک**

١ـ زەرنەقووتە: بێچووی باڵندە کە هێشتا تووکی لێنەهاتووە

٢ـ ملی ڕێی گرت: ڕۆیشت ـ شوێن کاری خۆی کەوت

---

**حەقایەتی خۆش:**

نیوە شەوێک کابرایەک بە کۆڵانێکدا تێدەپەڕی. سەگێک قولاپەی دەگرێ، کابرا دەچێتە ماڵی دوکتۆر. دوکتۆر دەڵێ: ئەتۆ نازانی ئەمن لە ساعەت ٧ی ئێوارێڕا کار ناکەم. کابرا دەڵێ: بەڵێ دوکتۆر گیان ئەمن ئەوەم دەزانی، بەڵام سەگەکە نەیدەزانی.

ڕۆژێکی لە مەلا نەسرەددینیان پرسی. تەمەنت چەندە؟ گوتی: ٤٠ ساڵ، دوای دە ساڵان دیسان لێیان پرسی تەمەنت چەندە؟ وتی: ٤٠ ساڵ کابرا وتی ئاخر مەلا ١٠ ساڵ لەمەوپێش گوتت ٤٠ ساڵ! مەلا گوتی: قسەی پیاوان یەکە و نابێتە دوو. ئەگەر بیست ساڵی دیکەش لێم پرسن هەر ٤٠ ساڵم.

کابرایەک کراسێکی دزیبوو، دای بە دۆستێکی تا بیباتە بازار و بیفرۆشێ. لە بازار کراسەکەیان لێدزی. بە دەستی بەتاڵ گەڕایەوە، کابرا گوتی: بە چەندی فرۆشتت. دۆستە گوتی: بەوەندەی کڕی بووت.

دیاری: هێرش سوخەنوەر




ساڵی دووەم، ژمارە ١٤، ١٣٨٥



هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب



# ڕێوی

سەعدەددین خوسرەوی ـ بۆکان


زیندەوەرێکم کێوی
بە من دەڵێن مامڕێوی
بە ڕۆژ دەکەم لالە خەو
زیاتر دەگەڕێم بە شەو
گەر هەلم بۆ هەڵکەوێ
دەگرم کەروێشک و کەوێ
حەز دەکەم بچمە ڕاوی
قەل و مامر و مراوی
ڕاوچی پێم دەکا گاڵتە
کەولم دەکا بە باڵتە
کەروێشکی بۆ نەگیرێ
من دەکا بە نچیرێ
توڵە و تاژی ببینم
وا هەڵدێم کەس نەبینم
بە سیرمە کەیفم سازە
نازناوم فێڵەبازە

## شێعر

وەرگێڕ: سید محەممەدئەسعەد سەجادی ـ سەقز

دایکە پیرێکی پەشێوو دڵ تەنگ     کە دی کوڕەکەی وەک شێرە و پڵەنگ
جوابی ناداتەوە و ئەدا ئازاری     پێی وت بە نەرمی بۆ ئامۆژگاری
ئەگەر ساوایێت وەبیر بێتەوە     کە دەستم چلۆن شل بوو پێتەوە
کە دەم پاراستی بەدیدە و هۆشم     دەنوستی لەسەر باوش و کۆشم
بێزار بووی بە دەسی ئێشی مێشەوە     دەتناڵان بە دەم دەرد و ئێشەوە
نەت ئەکەرد ئەمڕۆ جەفا لەگەڵما     تانەت نەئەدا بە ناخی دڵما
کە تۆ شێرێکی لە نێو هاوساڵا     ئەمنیش پیرەژن لە گۆشەی ماڵا





ڕێگایەک بۆ ئەو کرمە بدۆزەوە تا بەو گوڵە بگا





## مراکز پخش مجله ئالەکوک

(قیمت مجله ئالەکوک ۳۰۰ تومان)

| | |
|---|---|
| مهاباد | روزنامه فروشی سیدی، قبادی، حسام، کتابفروشی زەمەند (شەپۆل) |
| بوکان | کتابفروشی جوان |
| اشنویه | کتابفروشی نالوسی |
| پیرانشهر | کتابفروشی دانش |
| نقده | کتابفروشی خیام |
| سنندج | خیابان امام ـ پاساژ نور ـ آقای فردین محمدی |
| مریوان | چهارراه شبرنگ ـ آقای رشیدپور |
| دهگلان | آقای سلیمی |
| قروه | آقای ورمغانی |
| بیجار | آقای سلطانی |
| دیواندره | خیابان امام ـ آقای حق گذار |
| کامیاران | خیابان امام ـ مطبوعاتی وکیلی |
| سقز | روبروی شهربانی (آقای محمدی) و کتابفروشی هژار |
| تکاب | روزنامه فروشی آقای نصرالهی |
| بانه | خیابان امام ـ نوشت افزار کاویان و آقای هادی کیا |



هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب



وریا ساڵحی ـ گوندی تورجان





سایە ئەحمەدیار
مەعدەل ۲۰
سێهەمی سەرەتایی
مەدرەسەی ئیتحاد

# ژماردن

یەک و دوو چەند ئاسانە
ڕۆڵە گوێ بگرە و بیزانە

سێ و چوار خۆش و سووکە
کوڕی زیرەک ئێسک سووکە

پێنج و شەش و حەوت بژمێرە
ئازایی خۆت دەرخە لێرە

هەشت و نۆ و دە ڕەوان کە
ئەوسا هەریاری و سەیران کە

بێکەس




هەواڵنامەی کتێب